خۆر ومانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، بەهۆی مردنی یان لەدایکبوونی هیچ کەسێک تووشی گیران نابن، ئەگەر (خۆر یان مانگ گیرانتان) بینی؛ داوا لە خودا بکەن (بپاڕێنەوە) وتەکبیرات بکەن ونوێژ بکەن وخێر ئەنجامبدەن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خۆر گیران ڕوویدا لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد. زۆر وەستا، پاشان چوو بۆ ڕکوع بردن، زۆر مایەوە لە ڕکوع بردن، پاشان هەستایەوە، وزۆر وەستا -کەمتر بوو لە ماوەی یەکەم وەستان- پاشان چوو بۆ ڕکوع بردن، وزۆر مایەوە -لە ماوەی ڕکوع بردنی یەکەم کەمتر بوو- پاشان هەستایەوە (لە ڕکوع بردن) وزۆر لە وەستان مایەوە (لە وەستانی یەکەم کەمتر بوو)، پاشان چوو بۆ سوجدە بردن، وزۆر لە سوجدە بردن مایەوە، پاشان ئەوەی لە ڕکاتی یەکەم ئەنجامیدا لە ڕکاتی دووەمیش ئەنجامیدا، پاشان نوێژەکەی تەواو کرد (سەلامی دایەوە)، خۆر هەڵهاتبوو، وتاری بۆ خەڵکی دا، حەمد وسوپاسی خودای کرد وستایشی کرد، پاشان فەرمووی: «خۆر ومانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، بەهۆی مردنی یان لەدایکبوونی هیچ کەسێک تووشی گیران نابن، ئەگەر (خۆر یان مانگ گیرانتان) بینی؛ داوا لە خودا بکەن (بپاڕێنەوە) وتەکبیرات بکەن ونوێژ بکەن وخێر ئەنجامبدەن»، پاشان فەرمووی: «ئەی ئومەتی موحەمەد، هیچ یەکێک غیرەت ناکات وەکو خوای گەورە کاتێک بەندەکەیەکی پیاو یان ئافرەت زینا دەکات. ئەی ئومەتی موحەمەد، واللە ئەوەی من دەیزانن ئەگەر ئێوە بیزانن؛ ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان». ولە گێڕانەوەیەکدا: «چوار ڕکوع بردن وچوار سوجدە بردنی تەواو کرد (کامڵ کرد)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خۆرگیران ڕوویدا لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ چونکە خۆرگیران دیاردەیەکی سروشتی نەبوو بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆیان ئەنجامدا بە نوێژێک شێوازەکەی جیاواز بوو لە نوێژەکانی تر، هەستا وپێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد وزۆر وەستا لە پاش تەکبیرەی ئیحرام (یەکەم: الله أكبر)ی چوونە ناو نوێژ، وپاشان چوو بۆ ڕکوع بردن وزۆر لە ڕکوع بردن مایەوە، وپاشان هەستایەوە وقورئانی زۆر خوێند بەڵام کەمتر لەوەی یەکەم جار، وپاشان چوو بۆ ڕکوع بردن وزۆر لەم حاڵەتەدا مایەوە کەمتر لە ڕکوع بردنی یەکەم، وپاشان هەستایەوە لە ڕکوع بردن وفەرمووی: (سمع الله لمن حمده ربنا ولک الحمد) واتە: (خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن؛ ئەی پەروەردگار حەمد وسوپاس بۆ تۆ)، وپاشان قورئانی نەخوێند وچوو بۆ سوجدە بردن وزۆر لە سوجدە بردن مایەوە، ولە ڕکاتی دووەمدا بەهەمان شێوە هەموو ئەمانەی ئەنجامدا بەڵام ماوەکەیان لە سوجدە بردنی یەکەم کەمتر بوو، وهەر پایەیەک (ڕوکنێک) ماوەکەی لە پایەکەی پێشووتری کەمتر بوو، هەتاوەکو چوار ڕکوع بردن وچوار سوجدە بردنی تەواو کرد لە دوو ڕکاتدا، وپاش خوێندنی تەحیات سەلامی دایەوە ونوێژەکەی تەواو کرد، و خۆرگیرانەکە نەما؛ وتاری بۆ خەڵکی دا هەروەکو خووی ئاسایی خۆی لە بۆنەکاندا، حەمد وسوپاسی خودای کرد وئامۆژگاریانی کرد، ڕێکەوت وابوو ئەو ڕۆژە؛ ڕۆژی مردنی ئیبراهیمی کوڕی بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، هەندێک خەڵک ووتیان: خۆرگیرا بەهۆی مردنی ئیبراهیمەوە، ئەمیش بەهۆی بیروباوەڕی پوچەڵی جاهیلیەتەوە کە دەیانووت: خۆر ناگیرێت مەگەر بەهۆی مردنی مەزنێک یان لەدایکبوونی مەزنێکەوە نەبێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی لە ئامۆژگاریکردنی ودڵسۆز بوونی لە گەیاندنی پەیامەکەیدا؛ سوود بە خەڵکی بگەیەنێت وئەم خوڕافیات وبیروباوەڕ پوچەڵانە لە مێشکیان دەربهێنێت، کە هیچ بەڵگەیەکی دروست یان ئەقڵێکی سەلامەت پشتیوانی لێناکات، وحیکمەت ودانایی لە خۆرگیران ومانگ گیرانی ڕوونکردەوە فەرمووی: خۆر ومانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە، بەهۆی مردنی یان لەدایکبوونی هیچ کەسێک تووشی گیران نابن، خوای گەورە بە هێز ودەسەڵاتی خۆی ئەمە ئەنجامدەدات بۆئەوەی بەندەکانی بترسێنێت، ونیعمەتەکانی خودایان بیر بکەوێتەوە، ئەگەر (خۆر یان مانگ گیرانتان)

بینی؛ داوا لە خودا بکەن (بپاڕێنەوە) وتەکبیرات بکەن ونوێژ بکەن وتەوبە بکەن وخێر ئەنجامبدەن، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی لاچوون ونەمانی بەڵایەک کە لەوەیە ڕووبدات یان دابەزێت بۆ سەر زەوی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک لە تاوانە گەورەکانی باسکرد کە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوای گەورە ئەویش بریتیە لە تاوانی زینا کە هۆکاری نەمانی ڕەوشتە جوانەکانە لە مرۆڤ ولە کۆمەڵگاکاندا، وهۆکارە بۆ تووڕەیی وسزای خوای گەورە بۆ سەر بەندەکان، ولەم فەرموودەیە پەیامبەری ڕاستگۆ دەفەرموێت: ئەی ئومەتی موحەمەد، واللە، هیچ یەکێک غیرەت ناکات وەکو خوای گەورە کاتێک بەندەکەیەکی پیاو یان ئافرەت زینا دەکات. وپاشان پێیانی فەرموو کە ئەوان هیچ شتێک سەبارەت بە سزاکانی خوای گەورە نازانن، وئەگەر ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیزانێت ئەوان بیزانن ئەوا تووشی ترس دەبوون وزۆر دەگریان ودڵتەنگ دەبوون وکەم پێدەکەنین.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5215